# ئایا دروستە لە (مصلی) نوێژی هەینی بکرێت

[ kurdish – كوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ما حكم صلاة الجمعة جماعة في مصلى

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئایا دروستە لە (مصلى) نوێژی هەینی بکرێت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** ئێمە کۆمەڵێك کەسین لە یەکێك لە کارگەکانی وولاتی بەریتانیا کار دەکەین، هەر لەو کارگەیەدا ژورێکی گەورەمان دیاری کردووە، نوێژەکانی بەکۆمەڵ تێدا ئەنجام دەدەین، بەلام گرفتێکمان هەیە ئەویش ئەوەیە هەندێك لە هاوڕێکانمان دەڵێین با هەر لێرەش نوێژی هەینی بکەین، بە حوکمی ئەوەی کەسێکی شارەزامان دەتوانێت ووتارمان بۆ بدات، وئەمجا ئەو مزگەوتانەش کە نوێژی هەینیان لێ دەکرێت کەمێك لە ئێمەوە دوورە، پرسیارەکەم ئەمەیە ئایا دروستە لەو ژوورەی کە نوێژی ڕۆژانەی تێدا ئەنجام دەدەین کۆ ببینەوە بۆ نوێژی هەیینیش ؟

**وەلام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

یەکەم : بە نسبەت ئەوەی کە ڕۆژانە هەمووتان نوێژەکانتان لەو ژوورە گەورەیە بە کۆمەڵ ئەنجام دەدەن جێگای دەستخۆشی لێکردنە وکارێکی زۆر باش ئەکەن، چونکە نوێژی بەکۆمەڵ یەکێکە لەهۆکارەکانی پێکەوە بوون و پەرتوبلاوە نەکردن، بە ئاگابوون لەیەکتری .

دووەم: بەڵام بە نسبەت ئەوەی کە نوێژی هەینی هەر لەهەمان جێگا بکەن و یەکێك لەخۆتان ووتارتان بۆ بدات، زانایانی ئیسلام ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ڕایان وایە کە ئەگەر لەبەر زەرورەت نەبێت دروست نییە لەشارێکدا چەند جومعەیەك بکرێت، ئەوەش ئێوە دەیکەن هیچ زەرورەتێکی تێدا نییە، چونکە وەك خۆتان دەڵێین لەچەند مزگەوتێکی تری فەرمی نوێژی هەینی دەکرێت، ئەوەش کە ئێوە نوێژی تێدا دەکەن مزگەوت نیە، بەڵکو (مصلی) یە، لەبەر ئەوە واجبە لەسەرتان هەرچەند ئەو مزگەوتانەش لێتانەوە دووربن خۆتان بگەیەنن بە یەکێك لەو مزگەوتانە بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی، خوای گەورەش بواری بۆ ڕەخساندوون کە دەتوانن بە پێ بێت یان بە ئۆتۆمبیل برۆن بۆ مزگەوت ونوێژەکەی هەینیتان بکەن .

ئیمامی نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی :

« **قال الشافعي والأصحاب : إذا كان في البلد أربعون فصاعداً من أهل الكمال ، وجب الجمعة على كل من فيه ، وإن اتسعت خطة البلد فراسخ ، وسواء سمع النداء أم لا ، وهذا مجمع عليه** » [ المجموع (٣٥٣/٤ ] .

واتا : ئیمامی شافعی و هاوەڵانی ووتویانە : ئەگەر هاتوو لە شارێکدا چل کەس و زیاتر هەبوون لە موسڵمانانی تەواو و ئەو کەسانەی نوێژیان لەسەر فەرزە، ئەوا نوێژی هەینیان لەسەر

واجبە، ئەگەرچی ئەو شارە بە ئەندازەی چەند فەرسەخێکیش فراوان بێت، یان گوێیان لە بانگ بێت یاخود گوێشیان لی نەبێت، لەسەر ئەم حوکمەش کۆدەنگن .

کەوابوو برای بەرێزم : پێویستە لەسەرتان هەرچۆنێکتان کردووە بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی خۆتان بگەیەنن بە یەکێك لەو مزگەوتانەی کە نوێژی هەینیان تێدا دەکرێت، و بەهیچ شێوەیەك تەمەڵی نەکەن و ئامۆژگاری یەکتیریش بکەن لەسەر چوون بۆ نوێژی هەینی و دوور بکەونەوە لەوەی لەو (مصلی) یەدا نوێژی هەینی بکەن، وە ئەوەش بزانن پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) هەڕەشەی توندی کردووە لەو موسڵمانانەی کە بەبێ هیچ عوزرێکی شەرعی نوێژی هەینی ناکەن، و لەم بارەیەوە فەرموویەتی : « من ترك ثلاث جمع تهاونا بها طبع الله على قلبه » [ رواه أبو داود (١٠٥٢) والترمذي (٥٠٠) والنسائي (١٢٦٩) وابن ماجه (١١٢٥) وصححه الألباني في صحيح أبي داود] .

واتا : هەرکەسێك سێ جار نوێژی هەینی بە تەمەڵی تەرك بکات و ئەنجامی نەدات، ئەوا خوای گەورە مۆر دەنێت بەسەر دڵیدا ..

پەنا دەگرین بەخوای گەورە لەوەی مۆر بنێت بەسەر دڵەکانماندا.

خوای گەورەش زاناترە ..